# یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان سنوربەزاندن ئیدانە دەکات

**بەڕێز: نەتەوە یەکگرتووەکان**

**بەڕێز : سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێز: حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێز: ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسیەکان**

**بەڕێز: فیدراسیۆنی رێکخراوە قوتابی و خوێندکاریەکانی کوردستان**

**بەڕێز: رای گشتی**

ئەمرۆ کوردستان وەك هەرێمێکی ئارام وسەقامگیر له کۆماری عێراقی فیدراڵدا توانیویەتی ببێتە مۆڵگای سەرجەم ئایدیا نەتەوە جیاوازەکانی عێراق ولەوپاڵ ئەوئارامی وهێمنیٚ توانراو لەرووی ئاوەدانی وبوژانەوەی ئابوری هەنگاوی باش بنێت . له ئەنجامی ئەو ئارامیەی که باڵی بەسەر هەرێمەکەدا کێشاوە توانراوە ناوچەیەکی ئارام بۆ هەموو تاکێکی کورد و عەرەب و تورکمان و کلدوئاشور و ...هتد فەراهەم بکرێت، ئێستا له دوای ئەوەی هەموو لایەك گەواهی ئارامی و بیٚ کێشەیی له ناوچەکەدا دەدەن، هەندیٚ له وڵاتانی دراوسیٚ یەك له دوای یەك هەڕەشە دەکەن هەر جارەی بە بیانویەکەوە، ئەوەتا پێش ماوەیەك دەوڵەتی ئێران تۆپ بارانێکی سەختی کردە سەرناوچە سنوریەکانی کوردستان و چەندان گوندی دوچاری دەربەدەری کرد، ئێستاش دەوڵەتی تورکیا بە بیانوی هێرشکردنە سەر چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk) دەیەوێت سنورەکانی هەرێمی کوردستان ببەزێنێت و بەراستەوخۆ دەست لە کاروباری ناوچەکە وەربدات.

بەڕێزان ئێمە لە یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستانەوە ئەو هەڵوێستەی تورکیا مەحکوم دەکەین و پێمان وایە هەر سنوربەزاندنێك تێکدانی ئەمن و ئاسایشی ناوچەکەمانی لیٚ دەکەوێتەوە، هاوکات داواش لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین کەوا سنورێك دابنێت بۆ ئەو هەڕەشانەی دەوڵەتی تورکیا و هەر دەوڵەتێکی دیکە کە بە هیچ شێوەیەك رێگا بە تێکدانی ئەو هەرێمە نەدەن کە لە ساڵی 1991 بە بڕیاری خودی (un) بڕیار لە سەر ئارامی دراوە، جێگای وەبیر هێنانەوەیە گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا ماوەیەکی کەمە لە ژێر چەپۆکی رەشی بەعسدا دەربازی بووەبۆیە نایەوێت لە رێگای شەڕەوە کێشەو ئاریشەکان چارەسەر بکرێن، بەڵکو بە شێوازی سەردەمیانە کە خۆی لە دیالۆك و دانیشتن دەبینێتەوە، چارەسەر بۆ کێشەکان بکەن.

**مەکتەبی سکرتاریەت**

**یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان**